# تەڕ تەڕ نەباشە

**نەورۆز**

**بەشی دووەم**
**دەنا لەچلەکان تا حەفتانی سەدەی پێشوو شانبەشانی ئەو دوو ئەقلیەتە چەندەها گروپو حیزبو٠٠٠٠٠ تاد لە ڕاستەوە بۆ چەپ دروست بوونو بەردەوامیش هەن بەڵام ئەمانە هەموو یان تیرۆری سیاسی کراون یان بونەتە پاشکۆ یان لە بەرنامەو جەستەی ئەو دوانەدا تواونەتەوە٠**
**لەناوەڕاستی حەفتاکانەوە مام جلال سکرتێری گشتییە، واتە لەو کاتەوە هەتا ئێستا کە ئەکاتە ٢٣ ساڵ، مامجلال لە هەندەرانەوە بۆ شاخ لە شاخەوە بۆ شار لە سیاسەتی چەوتو تیرۆری سیاسیو شەڕی براکوژیو ڕێککەوتنامەی بێئەنجامو ماچی لاملی دیکتاتۆرو داوای لێبوردن لە دایکی شەهیدان لە بەردەم پەرلەمانی ئیکسپایەری هەولێرداو٠٠٠٠٠هتد لەمانە هەموو تێری نەخوارد، ماندوو نەبوو، ئارەقی شەرمەزاری دەرنەیا ،کەچی تازەئەڵێت هاتنی لەشکری تورکیا سیاسەتی دوژمنانەی تورکیا نیە٠**
**کورد هەیە نەزانێت کەمالیزمو بەعسیزم بۆ کورد چی بوونو چین؟**
**یان لە هەمان ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا لەچاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ ڕۆژنامەیەکی میسریدا ئەڵێت کورد بەشێکە لە نەتەوەی ئیسلام٠**
**مامجلال خۆشی باش ئەزانێت کە ئیسلام لە ژێر سێبەری قورئاندا چ فەلاکەتێکی بەکورد کردوە٠ هەر لە چواردە سەدە لەمەوبەرەوە هەتا ئەنفالو مەلا عەلیەکانو فتواکانی ئەدهەمو مەلا کرێکارو بەشیرو کردەوە تیرۆریەکانی ئەنصار ئیسلام٠**
**ئایینێک خاوەنی ئەو هەموو مێژوە ڕەشو خوێناویە بێت بۆ کورد من چۆن ڕووم، کەرامەتم بێت بە بەشێک لە خۆمی دابنێم؟!**
**ئەکرێت ئاگربەس، ڕێککەوتن لەگەڵ دوژمندا بکرێت، یان ئەکرێت لە ژێر فشاردا بە شۆڕشی چەکدارانە یان دیبلۆماسیانە هەقی خۆت لە دوژمن وەرگریت بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە دوژمن بە دۆست ناوزەند کەیت یان بە بەشێک لە خۆتی بزانیت ٠**
**بە مەرجێک لە کۆنەوە هەتا ئێستا کەمالیزم، ئیسلامیزم، بەعسیزم، هەتا بەشێکی زۆریش لە عەرەبیزم دوژمنی دوژمنیشمان نەبوون ٠**
**بەڵکو هەمیشە بەقسەو بەکردەوە پیشانیان داوین کە کورد نەک شایەنی دەوڵەت نین بەڵکو چاویان بە ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیەکۆنەکەو بانگەوازی فیدڕاڵیەکەش هەڵنایەت٠**
**لە دوای ڕاپەڕینی ٩١ ەوە هەردوو سەرکردە مامجلالو مسعود بەرزانی هەتا نێچیرەوانو کۆسرەت ڕەسوڵو بەرهەم صالح یەکی چەند جارێک سەردانی تورکیاو سعودیەو کوەیتو وولاتانی تری عەرەبیان کردوە، مەخابن گەر یەکێک لە کەناڵە میدیاکانی ئەو وولاتانە لە ڕۆژنامەوە تا ڕادیۆو تەلەفزیۆن باسی یەکێک لەوانەی وەکو سەرۆکێکی کوردی یان**

**نماینده‌یه‌کی کوردی کردبێت گه‌ر به‌ عێراقی نه‌بوبێت ٠**
**من به‌شبه‌حاڵی خۆم بۆ ئاینده‌ی کوردستانی باشوور چاوه‌ڕێی هیچ گۆڕانکاریه‌کی جۆری ناکه‌م، که‌ به‌ مانای ووشه‌ گۆڕانکاری سیاسی‌و ئابوری‌و سه‌قامگیری کێشه‌ی کورد بێت٠**
**چونکه‌ ئه‌تمۆسفێری ئه‌مریکی‌و جیهانی‌و عه‌ره‌بی‌و تا ناوچه‌ییش له‌ دوای نه‌مانی به‌عسه‌وه‌ ئه‌وه‌ پیشان نایه‌ن که‌ کورد ببێته‌ خاوه‌ن چاره‌نوسێکی پۆزه‌تیڤ٠**

**ماویه‌تی**